Halabja centre
Against Anfalization
and
Genocide of the Kurd
C.H.A.K
www.chak.info

ناوەندی هەڵەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی
گەلی کورد چاك
Chak_kurdistan@yahoo.com

ژمارەو بەرواری تۆمارکردن لە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ( ٤ Aug ٢٠٠٤ / No, ١٢٩ )

# راگەیاندنی هاوبەشی
# ناوەندی چاک لە کوردستان و دەرەوە
# سەبارەت بە هێنانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

سەرچاوەیەک لە لێژنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە، کە نەیویستوە ناوی خۆی بڵێ؛ فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بۆ ژمارە ٢٢٩٠ ی ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ی رۆژنامەی خەبات ئاشکراکردوە , سەبارەت بە هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکانی گۆری بەکۆمەڵی حەزەر، دیارە لێژنەیەکیش بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکە پێکدەهێنرێت.

جێگای ئاماژەپێکردنە کە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە بە قسەی رۆژنامەی ناوبراو ٦٠تا٧٠ هەزار قوربانی ناوچەکانی گەرمیان و دۆکان بە خۆدەگرێ، جگە لە رووی چەندایەتی دیارە وەک دیکومینت و بەڵگەی زیندووش لە دادگایی تاوانباران بایەخی زۆری دەبێ، هەروەک لەمەوپێش تیمێکی شارەزا بە سەرپەرشتی پسپۆری ئەمەریکی گریگۆری پاو کاری گەورەیان لەو پێناوە ئەنجامداوە.

ئەمرۆش کە سەرۆکایەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدایە، کە ویستی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراو بەجێبهێنێ، بەو هەنگاوە مافێکی رەوایان پێدەدرێتەوە، کە ساڵانێکی درێژە لە چاوەروانی دان.

ناوەندی چاک بەو پێیەی کە لە پرۆژەی دامەزراندنی سەنتەری نیشتمانی ونبوو بێسەروشوێنانی عێراق رۆڵی بەرچاوی هەبووەو ئەندامی لێژنەی باڵای راگواستنی ئەو سەنتەرەیە، کەئامانجی هۆشیارکردنەوە، راهێنان و بەشداری پێکردنی خێزان و کەسوکاری قوربانیانە بۆ داکۆکیکردن لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مافەکانیان ،بە دەرلە ئەرکی مرۆیی و نیشتمانی سەرشانمان, ئەوە لە سەرێکی دیکەوە کاریگەری دۆسێی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە پرۆسێسی دادگایی تاوانباران و بە جینۆساید ناسینی تاوانی ئەنفال و وامان لێدەکات لەمەڕ ئەو کێشە رەوایەی خێزان و کەسوکاری داماوی ئەنفالکراوانی گەلەکەمان بێینە دەنگ، وێڕای بە دەنگوەچوونی ئەو هەنگاوەی سەرۆکایەتی هەرێم، هەروا لەو پێناوەدا؛ لەگەل گشت مرۆڤدۆستان هەماهەنگی وکاری پێویست ئەنجام دەدەین، داواش لە گشت ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، بە تایبەتیش یۆنامی و نێردەی UN لە کۆسۆڤۆو ولاتانی بەلکان، تۆڕەکانی نێوخۆیی،هەرێمایەتی و نێونەتەوەیی کە لەو بوارەو لە مەیدانی داکۆکی لە خێزان و کەسوکاری قوربانیان و مافەکانی مرۆڤ ئە زمونی باشیان هەیە، هاوکاریمان بکەن.

ئەمجار دەرهێنان ، ناسینەوەو گواستنەوەی ئەو تەرمانەو گەیشتنەوە دەست خێزان و کەسوکاریان، وردەکاری و شارەزایی زۆری گەرەکە، وا پێویست دەکات سوود لە شارەزایی و پسپۆرانی ناوەخۆ وەر بگیرێت ، نەباداش ئەوانەی کە لەمەوبەر بۆ یەو مەبەستە لە دەرەوە راهێنان و کۆرسیان بینیوە، یان ئەو شارەزا بیانی و نێوخۆییانەی کە پێشتر لەو گۆڕانە دەسبەکاربوونە.

چونکە,ئەمرۆ کێشەی گۆڕی ونبوو بێسەروشوێنان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بایەخی زۆری پێدەدرێ و رێزو حورمەت لەو تەرمانە دەنرێ، وێڕای ئەوەی بە وردی و ترسەوە دەستیان لێدەدرێت، وەک مەترالێکی پیرۆز هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێسکو پروسک و پارچەکانیان دەکرێت، لە سۆنگەی ئەوەی کە گۆڕە بەکۆمەڵەکان پرسێکی سیاسی گەورەی نەتەوەییەو گشت گەلی کورد و مرۆڤایەتی خۆی بە خاوەنی دەزانێ ، هەروا مافێکی رەوای خاوەنەکانیشیانە کە تەرمی قوربانیەکانی خۆیان بناسنەوەو لە زێدی خۆیان بە پێی داب و نەریت بە خاکیان بسپێرنەوە.

بۆیە، ناوەندەکەمان هەموو توانای بە تەنیاو پێکەوەیی بەو ئەرکە گرنگە دەسپێرێ، جا بۆ هێنانەوەی سەرجەم گۆڕەبەکۆمەڵەکان پێشنیار دەکەین:

- لێژنەیەکی نیشتمانی باڵا بۆ ئە و مەبەستە پێکبهێنرێ، جگە لە نوێنەرانی حکومەت، پەرلەمان و لایەنی پەیوەندار ،هەروا رێکخراوو کۆمەڵەو نوێنەری خێزان و کەسوکاری قوربانیان بەخۆ بگرێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- رێکخراوو کۆمەڵەکان بە سوود وەرگرتن لە ئە زمونی پێشو تۆڕێکی هاوبەش لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دروست بکەن، کە نوێنەری خێزان و کەسوکاری قوربانیانی تێدابێ.
- لە لایەن پەرلەمان و حکومەت و رێکخراوەکان داوا لە UN و پەرلەمانی عێراق بکرێت ، پرۆژەی دامەزراندنی سەنتەری نیشتمانی ونبوو بێسەروشوێنانی عێراق کە دەمێکە لایانەو دەبوو زووتر بڕیاری کونجاوی لەسەر بدرابایە .

**ناوەندی چاک**

**هەولێر ١٠ /١٠/٢٠٠٦**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com